مشهدانی: عراق شاهیدی بڕجەستبوونەکی راستەقینە و واقیعی پرنسیپە دیموکراسیەکانە

ئەمە چوارشەمە، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران مەحمود مشهدانی، تەئکیدیکردەوە: عراق شاهیدی بڕجەستبوونەکی راستەقینە و واقیعی پرنسیپە دیموکراسیەکانە، و وتیشی: هەمووان وەك (سەمامی ئەمان) و چەترەك سیری دەسەلاتی دادوەری عراق دەکەن و هەمووان پابەندن بەو بیارانەی دەریدەکەن.

نوسینگەی سەرکی پەرلەمان لە بیاننامەیەکدا باویکردەوە: ئەمە چوارشەمە، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران مەحمود مشهدانی، سەردانی دادگای باڵای فیدراڵی کرد و لەگەڵ سەرکی دادگا جاسم عومەیری کەبووەوە، و تیایدا دەسیی پەسەندکردنی یاساکان لە چوارچەوەی یاسایی و دەستووری تاوتوە کرا.

مشهدانی جەختیکردەوە: کە هەمووان وەك (سەمامی ئەمان) و چەترەك سیری دەسەلاتی دادوەری عراق دەکەن و هەمووان پابەندن بەو بیارانەی دەریدەکەن، و وتیشی: عراق شایەتحاڵی بڕجەستکردنی راستەقینە و واقیعی و بنەما دیموکراسیەکانە، چونکە نوێنەرانی گەل هەندەك جار پەنا بە دادگای فیدراڵی دەبەن بە بەکارهێنانی مافی خۆیان بە ناڕازایەتی دەربڕین بەرامبەر بە هەندەك یاسا و بیار بە شێوەیەکی دیموکراسی و لە چوارچێوەی یاساییدا.

ئاماژەی بەوەشکرد: هەموو کەسەك پابەندە بە بیارە دادوەرییەکان و ئەوەی کە لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە دەردەچێت.